

# «بۆئەوەی لەبوون تێبگەیت، ئەبێت سەفەرکەیت بۆ ناو روحی خۆت»

## هونەرمەند بەهجەت یەحیا بۆ هاوڵاتی

**هونەرمەند بەهجەت یەحیا، لە ماڵی دایکی، لەگەڕەکی تووی مەلیك،وادەیەکی بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە کاتژمێر یەكو نیوی پاش نیوەڕۆ بۆ دانایین.. پاش گەشتنمان بە ماڵەوە، نزیکەی سەعاتێك گفتوگۆمان کردو دواتر هاتینە سەر باسی چاوپێکەوتنەکە.**
**ئەگەر چاوپێکەوتنو دانیشتن لەگەڵ هەر هونەرمەندێك چێژی هەبێت، بێگومان دانیشتن لەگەڵ بەهجەت یەحیا چێژێکی تایبەتی هەیە.**
**بەهجەت یەحیا، کە بە ئاوازە پڕ لەسۆزەکانی دڵی هەموو گوێگرانی خۆی داگیرکردووە، تەنها بە گۆرانییەکانی مەستت ناکات، ئەگەر لەنزیکەوە ئاشنای هەڵسوکەوتو گفتاری بیت.**
**ئەو هەمیشە کە قسەدەکات، دەیوی نەبینراوی ناوەوەی خۆیت نیشاندەدات، ئەمەشوات لێدەکات هەروەکو گۆرانییەکانی، بە قسەکانیشی مەستبیتو حەزنەکەیت کۆتایی بەو دانیشتنە بهێنێت، کە پڕت دەکات لەو عەشقەی کە لەهەناویدا هەڵدەقوڵێتو دەوروبەری دادەپۆشێتو دەتخاتە نێو دنیای جوانیو مەستییەوە، ئەو مەستییەی کە خۆی پێناسەی دەکاتو دەڵێت مەستی لای ئەو ڕەمزەو لەپشتییەوە دونیایەك تەلیسمی جوان خۆیان شاردووەتەوە. کەسی شارەزا ئەوەیە تەلیسمەکان بناسێتەوە.**

**سازدانی:**
**سامان مەجید، دیمەن بورهان**

**هاوڵاتی:** دۆزینەوەی ڕێگایەکی هونەریی تایبەت بەخۆتو هێنانەکایەی شێوازێکی نوێ کارێکی ئاسان نییەو سەرئەنجام هەوڵو تەقەلایەکی بێوچانە، ئایا ئەم ڕێگایە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**بەهجەت یەحیا:** ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە شتێك بێنێتە کایەوە کە نییە، بێگومان هەموو کارێکی نوێو هاتنە کایەی هەر ڕێگایەکی نوێ، پەیامێکی نوێی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەم پەیامە هەوڵدەدات بەدەنگو ڕەنگێکی نوێ خۆی نمایشبکات. بێگومان خۆدزینەوە کارێکی ئاسان نییە بۆئەوەی لەبوون تێبگەیت، ئەبێت سەفەربکەیت بۆناو روحی خۆت، بەڵام چی تێدەگەیتو بەکوێ ئەگەیت، ئەمەیان دیارنییە. گرنگ ئەوەیە ئەو شتانەی کە هەستیان پێدەکەیتو ئەیان ناسیت، بتوانیت بۆ دنیای دەرەوە گوزارشتێکی هونەرییان لێبکەیت، هەرکەس بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیو لەو ئاستەدا کە پێی گەشیتووە، چیرۆکی سەفەرەکەیمان بۆئەگێڕێتەوە.

**هاوڵاتی:** ئایا لە دنیای هونەردا، ستایلو قوتابخانەی جیاواز چ ڕۆڵێك دەگێڕێت؟

**بەهجەت یەحیا:** بەڕای من ستایل یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی هەموو کارێکی هونەرییەو کەسایەتیو جۆری ڕێبازە هونەرییەکان دیاری دەکات. لەدونیای هونەرو ئەدەبدا، چەندەها قوتابخانەی جیاواز هەنو مێژووی هاتنە کایەی هەر قوتابخانەیەك بارودۆخی زەمەنی خۆی هەیە. بۆنمونە ( کلاسیك، باروك، ڕۆمانتیك، ریالیست) ئەمانە هەریەك ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتیو پێناسی جیاوازجیاوازمان نیشان دەدەن.

بەهەمان شێوە موزیکی (جاز، بۆپو ڕۆكو بلوز، تەکنۆ) ئەمانە هەریەکەیان مێژووی خۆیان هەیەو هاتنی هەریەکەیان سەرئەنجامی بارودۆخێکی زەمەنی تایبەتەو بەسەرهاتی جیاواز جیاوازیان لەهەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە.

**هاوڵاتی:** ئایا ئەتوانین بڵێین دووجۆر هونەری گۆرانی هەیە؟

**بەهجەت یەحیا:** یەکەمجار ئەمەوێت ئەوە بڵێم، کە گۆرانی بەهەموو شێوەکانییەوە گوزارشت لەناخی مرۆڤەکان ئەکاتو ئەیلاوێنێتەوە هەستو سۆزی ئەبزوێنێ. بەڵام ئەو هونەرەی کە لەڕووی چۆنایەتییەوە گرنگی پێبدرێت، هەر هۆنراوەو ئاوازو دابەشکردنی مۆسیقاو تۆمارکردنو هەموو ئەو لایەنە هونەرییانەی کەلە دەوری گۆرانییەك کۆدەبنەوە، ئەتوانێت لەئەرشیفی ئێمەدا بەشێوەیەك جێی خۆی بکاتەوەو لەخەیاڵو دڵی ئێمەدا جێگایەك بۆخۆی بگرێت.

**هاوڵاتی:** زۆرجار گوێمان لەوشەی گۆرانی ڕەسەن یان نارەسەن دەبێت، ئەتوانی لەسەر ئەم بابەتە شتێکمان پێ بڵێیت؟

**بەهجەت یەحیا:** هونەر پێناسی گەلانە، ئەتوانێت هەموو نەتەوەیەك بەهونەرەکەی بناسێتەوە، ئەشێ لەیەکچوونو نزیکی لەئاوازەکاندا هەبێت لەنێوان ئەو نەتەوانەی کەلەیەکەوە نزیکن. بەڵام ئەم لەیەکچوونە تارادەیەك سنووردارەو جیاوازە لەوەی بەدەستی ئەنقەست ئاوازێکی بیانی بهێنیت. مامۆستا محەمەدی ماملێ، مامۆستا حەسەن زیرەك، ئاوازی ئازەرییان هێناوە کوردانددویانە، چونکە خۆیان دەنگو هەستیان کوردی بووەو ڕاستگۆبوون لەگەڵ ناخی خۆیان، هەتاهەتایە دەنگو ناویان بەنەمری دەمێنێت، کەچی ئێستا دەبینین گۆرانی کوردی دەهێنن دەیتورکێنن پێشبڕکێیەکی وایان ناوەتەوە؛ کوڕ ئەو کوڕەیە زیاتر دەمی پان بکاتەوەو بەتورکی بیلێت، ئەگینا لەهیچ جێگایەك کلیپەکەی خۆی نابینێتەوە.

> **ئەو عەشقەی کەلە دونیای تەسەوفدا باس دەکرێت، وەك تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگ وایە، تۆکام ڕەنگت خۆش بوێت دەتوانیت تیایدا بیدۆزیتەوە**

**هاوڵاتی:** کەواتە گۆرانی ڕەسەن، ئەوانەن کە دەچنە مێژووی هونەریمانەوە؟

**بەهجەت یەحیا:** بەڵێ، گۆرانی ئەبێت هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیەك بێت، کارکردن لەبواری هونەریدا کارکردنە لەسەر هەستو ویژدانی نەتەوەیەك. ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی گەورەیەو ئەبێت زۆربەئاگاییو هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. نووسەری گەورە، ئیسماعیل بێشکچی دۆستی دێرینی کورد، لەکتێبی (کوردوستان کۆڵۆنییەکی نێو دەوڵەتییە)، زۆر بەوردی باسلەوە دەکات، کەچۆن لەکوردوستانی باکوور هەوڵی تێکدانی هونەرو کلتووری ئێمە دراوە، بەپیلانی درێژخایەن، گۆرانییە کوردییەکان کراون بەتورکی. بەڵام ئێستا ئەوەی خۆمان بەخۆمانی ئەکەین، لەباشووری کوردستان زۆرخەتەرناکەو هەردرێژکراوەی ئەو سیاسەتە قێزەونەیە.

**هاوڵاتی:** گۆرانییە ڕەسەنەکان هێزیان لە روحیەتدایە، بەڵام زۆربەی گۆرانی ئێستا، کە دەکرێت هێزیان لەکلیپدایە. تۆچۆن بەراوردی ئەم حاڵەتە دەکەیت؟

**بەهجەت یەحیا:** زۆرگۆرانی کە ئێستا ئەکرێت بەکلیپ، ئەگەر سەیری وێنەکان نەکەیت، تەنیا گوێ لەگۆرانییەکان بگریت، ئەوسا تێدەگەیت کە لەهەموو لایەنێکەوە. ئەوهەموو ڕەنگاوڕەنگیو قەرەباڵغیو ڕاکەڕاکەیی تێئەکرێت، بۆئەوەی چاوی بینەر مەشغوڵ بێتو نەپرژێتە سەر ئەوەی بینەر بزانێت کابرا دەنگی چەند نەشازە. گرنگی دان بەڕوکەشو فەرامۆشکردنی ناوەڕۆك بۆتە مۆدێل.

**هاوڵاتی:** زۆرجار لەگۆرانییەکانتدا وشەی عەشقو مەستیی بەکاردێنی ئەتوانیت ڕونکردنەوەیەکمان لەسەر بەکارهێنانی ئەو دووشەیە بدەیتێ؟

**بەهجەت یەحیا:** هەندێ وشە هەن کە لەهۆنراوەدا بەکاردەهێنرێت، تەنها ڕەمزنو لەپشت ئەم ڕەمزانەوە دونیایەك تەلیسمی جوان خۆیان شاردۆتەوە. کەسی شارەزا ئەوەیە کە ئەمتەلیسمانە بناسێتەوە. ئەوعەشقەی کەلە دونیای تەسەوفدا باس دەکرێت، وەك تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگوایە، تۆکام ڕەنگت خۆش بوێت دەتوانیت تیایدا بیدۆزیتەوە. ئەو مەستییەش کەباسی لێوەدەکەم مەستی شەراب نییە، بەڵکو مەستییەکی روحییەو باس لەدونیایەك دەکات زۆر دوورە لەشتە غەریزەییەکانەوە.

**هاوڵاتی:** تاچەند تەنهاییو غوربەت کاریگەریی لەسەرت هەبووە؟ ئایا هەستکردن بە غەریبی لای تۆ شوێنو کاتی بۆ هەیە؟

**بەهجەت یەحیا:** غوربەت هەستەو پەیوەندی بەشوێنو کاتەوە نییە. هەرکاتێك ڕووح نامۆبوو بەچواردەورەکەی، هەست بەونبوون دەکات، هەموو کەسێك لەناو نیشتیمانەکەیدا دەژیو لەناو ناخی هەموو کەسێکیشدا نیشتیمانێك دەژی، هەرکاتێك ئەم دوو نیشتیمانە نەگونجان پێکەوەو دژبەیەك بوون، ئەواهەست دەکەین لێوانلێو غەرقی غوربەت بوویت. تەنیاییوامان لێدەکات بیربکەینەوە، بیرکردنەوەش وامان لێدەکات بگەین بە ڕاستییەکانو خۆمان بدۆزینەوە. خۆدۆزینەوەش مرۆڤ بەهێزدەکاتو تێڕوانینی بۆ ژیان فراواندەکات. هەروەك نوسەری گەورەی ئەڵمانی کاتێك لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەدەست نازییەکان هەڵدێت، پاش ماوەیەك لەغوربەتدا بۆ دەربڕینی هەستی تەنیایی خۆی دەڵێت (هەرکەسێك جارێك نیشتیمانەکەی جێبهێڵێت، هەتا هەتایە بەدوایدا دەگەڕێت).

**هاوڵاتی:** گوێگرانی بەهجەت یەحیا چاوەڕێی چی بن؟

**بەهجەت یەحیا:** ئەلبوومێکی تازەم بەدەستەوەیە بەناوی «بمبەنەوە من کوڕی ڕۆژهەڵاتم» بەهیوام بەم زووانە بڵاوبێتەوە، کە پێکهاتووە لەحەوت گۆرانی هەموو هۆنراوەکانی هی بەڕێز هێمنی مام نادرە، ئاوازەکانی هی خۆمە، موزیکەکەی بەشێوەی ئۆرکسترایی کراون لەلایەن هونەرمەندان(سامان موستەفا، کارزان کامیل، شوان کەریم، دلێرحسێن، کاوان محەمەد، ئارا ئەحمەد) کاری تۆمارکردنی بۆکراوە. سوپاس بۆهەموو هاوکارەکانمو سوپاس بۆ **هاوڵاتی**.

# گەورەترین ڤیستیڤاڵی هونەری لە پایتەختی ئوسکوتلەندا



لە شاری ئەندبرەی پایتەختی ئوسکوتلەندی ئەو ڤیستیڤاڵە هونەرییە دەستییپێکرد، کە ماوەی سێ هەفتە دەخایەنێتو بەگەورەترین ڤیستیڤاڵی هونەریش دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان.

لەو ڤیستیڤاڵە هونەرییەدا نزیکەی ٢١ هەزار هونەرمەند بەشداریدەکەن کە تیایدا ٢٤٥٣ جۆری جیاوازی چالاکی هونەری نمایش دەکەن لە ٢٥٠ شوێنو شانۆی جیاوازی ناوچەکانی ئەو شارەدا.

ئامادەکارانی ئەو ڤیستیڤاڵە هیوادەخوازن، ڤیستیڤاڵی ئەمساڵ ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیارانو میوان بۆخۆی رابکێشێتو ڕێژەی پێوانەیی تۆمارکراو لەساڵی رابردوودا تێپەڕێنێت کە لەساڵی رابردوودا نزیکەی ١,٨ ملیۆن بیلتی نمایشەکەیان کڕیبوو.

ئەو ڤیستیڤاڵەی کە ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت شەستو چوارەمین ڤیستیڤاڵە کەلەپایتەختی ئوسکوتلەندا ئەنجامدەدرێتو سەرۆکی جێبەجێکاری ڤیستیڤاڵەکەش بە گەورەترین نمایشی دادەنێت لەسەر ئاستی جیهان.

ڤیستیڤاڵی ئەدنبرە جۆرەها چالاکی جۆراوجۆری گاڵتەئامێزو نمایشی سەماو مۆسیقاو گۆرانیو شانو چالاکی منداڵان لەخۆدەگرێت.

# دوای مردنی خۆشەویستەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ لاشەکەیدا پێکهێنا



هەفتەی ڕابردوو دوای ئەوەی پیاوێکی یابانی لەهێرشی کۆمەڵێك دزدا خۆشەویستەکەیان کوشت، پیاوەکە سوور بوو لەسەر بەرنامەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خۆشەویستە کوژراوەکەیداو دواجار ئاهەنگەکە لەیەکێك لەهۆڵەکانی پرسەگێڕاندا بەڕێوەچوو.

پیاوە یابانییەکە بەوپەڕی دڵگرانیو خۆشەویستییەوە بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئاهەنگ گێڕانەکەی، لەگەڵ خۆشەویستە کوژراوەکەیداو ئەندامانی خێزانەکانی هەریەك لە ژنو مێردەکەش ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

بووکە کوژراوەکەش عەزی سپی بووکێنی لەبەرکراو لە تابووتێکی کریستاڵیدا دانرا.